**هۆنراوەی سەردەم بە شێوازی کلا سیک**

---

# چوون !

**کامیل ژیر**

**مەچۆ گیانە، هەموو چوونیَ ئەمهەژێنیَ لە ناخیکا**
**وەکو وەرزی وەرینی گولَ لە بیَستان و لە باخێکا**
**بەهارم لێئەشێوێنیَ بە وەیشوومەو گەلاریَزان**
**هەنسکم وەك دەنگ و هاژەی روبارێکە لە شاخێکا**

*

**ئەترسم ئەم هەمووچوونە مەترسیی جۆرەچوونیێ**
**بچیت و دواهەمین چوونیَ کە گڕکانی دەروونیێ**
**هەتا ئاوی بە سەرداکەم، بڵێسەو مەشخەلانی سویَی**
**بە سووتماکم بکا ، تاکو ، هەبوونم وەك نەبوونیێ**

*

**ئەگەر تۆ هەربچیت و من بە رسوایی نەچم چیبکەم**
**لەدوای چوونت دەمیَ زووتر بەئاسایی نەچم چیبکەم**
**نەچوونم بیَ هەبوونی تۆ ، هەموو ساتێکی چوونێکە**
**ئەچم وەك مەم لەگەلَ زینا،بەتەنیایی، نەچم چیبکەم**

*

**ئەبیَ هاتن بەهای چیبیَ کە کۆتایی نەبوونیێ !!**
**هەموو بوونیَ لە ئەنجاما دوچاری سەرنگوونیێ !؟**
**هەڵەی کێیە کە ئەم چوونە هەتا ئێستا نەگۆڕاوە !؟**
**پزیشکانم : چ دەرمانیَ بەچارەی دەردی چوونیێ !؟**

*

**دەبا جۆری گوڵی وەك ئەو ، لە دنیادا نەبوو بوایە**
**کە بوو ئەشیا هەمیشە هەر وەکوو رۆژیَ هەبوو بوایە**
**چ نادانێکە شا کاری بە دەستی خۆی ئەنێتە گلَ !؟**
**گوڵی دەگمەن ئەبوو هەردەم لە گوڵزارا نەچوو بوایە**

*

**بەهەرجا من ، چ دەستێکە ئەچێتە گیانی شیرینم!؟**
**بەکام پاسا و و یاسایەك لە دەسچێ چاوی بینینم !؟**
**کە ئەو ، چوو ، من ، ئیتر گیانێکی نابیناو کەڕو لاڵم !**
**بچم ، مەرجە ، لەگەڵ چوونی هەناو و هێزی رۆیینم**

*

**دڵێکم رۆ ، گوڵێکم رۆ ، ئەوا دیسان مەمێك و زین**
**لە چوونێکان ، بەناکامی ، بەجێبێڵن بەهەشتی ژین!**
**چەنێکیتر بەڕێگاوەن بدەن باجی هەڵەی گەردوون؟!**
**وەرن پاکی ئەوینداران ، هەتا ماوین بگێڕین شین !**

---